## کاریگەری دوولایەنەی کرانەوەی ئابوری لە سەر سیاسەتی دەرەوەی چین

**پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی سیاسەتی چین لە چوارچێوەی بەرگری لە بارودۆخی ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕووی کردووەتە ڕکابەریەتی هەژمونی ئەمەریکا ؟ گریمانە کە ئەوەیە ماهیەتی کرانەوەی ئابوری لە قۆناغی دوای دەست پێکردنی چاکسازی کاریگەریەکی دولایەنەی لە سیاسەتی دەرەوەی چین بە دواوە بووە، چینی ناچار کردوە بۆ بەرەوپێشبردنی ستراتیژیە ئابوریەکەی ئاوێتەی بەجیهانی بوونی ئابوری ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەرگری لە ڕێکخستن و ئاسایشی نێودەوڵەتی بکات. بەڵام ئەم سیاسەتە تاڕادەیەك سروشتێکی پاوانخوازی پەیدا کردووە و بەرەو دژایەتی هەژمونی ئەمریکا ڕەنگڕێژ کراوە و لە سەر ئەم بنەمایە، لە ڕونکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی چیندا چەند ئاماژەیەك لە سەر لۆژیکی تیۆری لیبراڵی و ڕیالیزمی دەبینرێت.**

**پێش دەستپێکردنی سەردەمی چاکسازی چین ڕووبەڕوی چەند کێشەیەك بوویەوە لەوانە دابەزین و ناسەقامگیری ئابوری وڵات، دژبەرەکی و ناڕەزایەتیەکان بەرامبەر بە حیزبی کۆمەنیستی دەسەڵاتدار پێگە و شەرعیەتی حیزب و حکومەتی لەرزۆك کردبوو. ئەمە سەرەڕای بوونی ناکۆکی لە گەڵ ڕۆژئاوادا، هاوکات وڵات ڕووبەڕوی فشارو هەڕەشەی قورس بوویەوە، و ناکۆکیە بەردەوامەکان لە نێوان نوخبەی سیاسی دا ڕێگربوو لە جوڵە و پێشکەوتنی وڵات.**

چین لە درێژەی چاکسازیەکاندا ئابوری پێناسەکراو بە ( دەرگا کراوەکان ) وەکو پایەیەکی نوێ بۆ دوبارە بنیادنانەوەی سیاسەتی دەرەوە ناسێنرا، و دوا بەدوای ئەوە هەوڵدرا ناکۆکیەکان لە گەڵ َولاتانی دیکە بەتایبەت ولاتانی زلهێز بگەێنرێتە نزمترین ئاست. هەوڵدرا بەرژەوەندیە گشتیەکان لە سەر بنەمای دەسکەوتەکان پێناسە بکرێت و بخرێتە خزمەت پێشکەوتن و ئاسایشی وڵات، لە کرداردا ڕێڕەوی سیاسەتی هێورکردنەوە و گونجان لە گەڵ دۆخی ئەو کاتەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە سەرکەوتووی بەرەو پێشەوە دەچوو. لەگەڵ پەیوەندی کردنی چین بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیەوە لە ساڵی 2001دا ئەم بەرەوپێشچوونە گەشتە ترۆپك. لەگەڵ ئەوەشدا چین لە هاوتەریبی تەواوەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمەریکا خۆی پاراست. تەنانەت لە هەندێ کاتدا پێگەیەکی ڕەخنە گرانەی وەردەگرت، چوارچێوەی ڕەخنەکانی چین لە ئەمەریکا بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی هەژموونگەرای، دەستتێوەردان و خواستی سیاسەتی تاك جەمسەری ئەو وڵاتە لە جیهاندا. دوای شەڕی سارد چین وردە وردە ڕووی کردە ڕکابەری توندی هەژمونی ئەمەریکا لە ڕوی ئابووری و سیاسیەوە لە وولاتانی جیهانی سێیەمدا. پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆ چین سەرەڕای بەرگری لە ڕێکخستن و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەژموونی ئەمەریکای خستە ئاڵەنگارییەوە؟

گریمانەکە ئەوەیە کەسروشتی چاکسازیەکان هۆکاری هەستانەوەی چین بووە و کاریگەری و شوێنەواری دولایەنەی لە سەر سیاسەتی دەرەوەی هەبووە.

## چاکسازیە ئابوریەکان و سیاسەتی دەرەوەی چین-:

لە سەردەمی ماودا چین بە هۆی پەیڕەو کردنی ئایدولۆژیەکانی حزبی کۆمەنیست پەیوەندیە دەرەکیەکانی تارادەیەك سنوردارو داخراو بوون، ڕێڕەوی چاکسازیەکان گۆڕانکاریەکی نوێ و کاریگەری لە سەر سیاسەتی دەرەوەی چین هەبوو. ئەو گۆڕانکاریە بەهۆی تێروانینی حزبی کۆمەنیست بوو سەبارەت بە پێگەو جێگەی خۆی. حزب گەشتە ئەو بڕوایەی کە زیندوو کردنەوەی ڕەوایەتی و هێزەکەی، بەستراوەتەوە بە بەرەوپێشبردنی چاکسازیە ئابوریەکان ئەویش لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی کارا لەگەڵ تۆڕی ئابوری جیهانی لە ڕێگەی بازرگانی کردن لەگەڵ هێزە خاوەن سەرمایەکاندا.لە ڕاستیدا حکومەتی چین لەگەڵ ڕاگەیاندنی سیاسەتی دەرگا کراوەکان مەرجەکانی چونە ناو تۆڕی بەیەکەوە بەستراوی ئابوری جیهانی پەسەند کردبوو.

**چاکسـازیەکان وەك جـولێنەری ئاشـتی و سـەقامگیری-:**

**پاش دەستکردن بە جێبەجێکردنی سیاسەتی (دەرگا کراوەکان) ڕێبازێکی نوێ و گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی چین بینرا، ئەمەش ئەوەبوو کەچیتر چین لە لە دۆخی گۆشەگیری و داخراوی نامێنێتەوە. لە سەردەمی ماودا چین دوای پچڕاندنی پەیوەندیەکانی لە گەڵ یەکیەتی سۆڤییەت، پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان فراوان کرد، بەڵام ئامانج لەمە زیاترپاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی لە بەرامبەر هەڕەشەی دوژمنی دەرەکی و پاراستنی پێداویستیە ئابوریە ناوخۆیەکان بوو. لەم ماوەیەدا چین سەرقاڵی پەیڕەوکردنی ئایدولۆژیای کۆمەنیستی و ململانێی چینایەتی بوو هەروەها مەیلی پشتگیری لە هەرێمە پابەند نەبووەکان و هەندێك لە جوڵانەوە شۆڕشگێڕیەکانی هەبوو. دوای دەستپێکردنی سیاسەتی دەرگا کراوەکان مامەڵەی چین لە گەڵ جیهانی دەرەوە بە خێرای فراوان بوو بەڵام ئەمجارە ئامانجی چین گەورەتربوو لە دەستەبەرکردنی پێداویستی ناوخۆ ئامانجەکەی بریتی بوو لە ئەوپەڕی سود وەرگرتن لە هەڵە باوەکانی وڵاتانی جیهان لەڕێگەی ڕکابەریەکی کاریگەر لە تۆڕی پێکەوە بەستراوی ئابووری سەرمایەداری کە کاریگەری تایبەتی بە سەر بەرنامەکانی حکومەتەوە بەجێهێشت . لەساڵەکانی سەرەتای دەستپێکی چاکسازیەکاندا، ئەمەریکا هەوڵی دەدا زیاتر لە چین نزیك ببێتەوە، ئەمەریکا دەیویست چین دژ بە سۆڤیەت بەکار بهێنێت. چین بەو ئەنجامە گەشتبوو کە بەرژەوەندی لەوەدایە پەیوەندیەکانی لەگەڵ دراوسێکەی باکوریدا گەشە پێ بدات، لەبەر ئەوەبووحکومەتی پەکین لە ساڵی 1982 بە ڕاگەیاندنی ((سیاسەتی سەربەخۆی دەرەوەی چین )) بەرنامەی کەمکردنەوەی ناکۆکیەکانی لەگەڵ مۆسکۆ و دورکەوتنەوە لەنزیك بونەوەی واشنتۆنی داڕشت. لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەی گفتوگۆ بوون لەگەڵ واشنتۆن و مۆسکۆ. چونکە سودیان لە کەمکردنەوەی ناکۆکی ئەو دوو هێزە دەبینی...**

**لەدەیەی 1980 چین لە بەهۆی فرۆشتنی چەك بەلایەنەکانی جەنگی ئێران عێراق ڕووبەڕوی ڕەخنە بویەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەوپەڕی توانایەوە دژی ڕکابەریەتی پڕچەك کردنی زلهێزەکان بوو. بە بیانوی هەڕەشە بۆسەر ئاشتی جیهانی پەکین لە ساڵی 1982 بەرنامەیەیەکی بە سێ قۆناغ ڕاگەیاند کە ئامانجی کۆتای هێنان و کەمکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی چەکی ئەتۆمی نەبوو بەتەنها، بەڵکو ئامانجی کەمکردنەوەی چەکە هاوشێوەکانیشی بوو، تەنانەت چینیەکان پێشنیارێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنی چەکی کیمیایی و سنوردارکردنی تاقیکردنەوەی چەکە کۆمەڵکوژیەکان**

**خستە ڕوو . دینگ لە ساڵی 1985 بە ڕاشکاوی لە بەرامبەر جەنگی سارد هەڵوێستێکی نوێ وەرگرتوو بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە ئەم جۆرە پرۆژانە دەبنە هۆی توند کردنەوەی ڕکابەریەتی پڕچەك کردن و دەبنە هۆی دروستکردنی هەڕەشە. بە هۆی ڕوخانی بلۆکی کۆمەنیستی و ئەزموونی دەیەونیوێك لە لەچاکسازی یەکان، حکومەتی چینی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە بەرەو پێشبردنی ستراتیژیەتی گەشەی ئابوری لەسەردەمی بەجیهانی بوندا پێویستی بە هەماهەنگی زیاتر هەیە لەگەڵ ئەمەریکا و ئەو ڕژێمانەی کە لە ژێر هەژموونی ئەمەریکادان. لەم ڕووەوە حکومەتی چین لەچواچێوەی ستراتیژیەتێکی گەورەدا هەوڵی دەدا کەڕویەکی بەرپرسیار و پابەند بەناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان نیشان بدات، یەکەمین دەرکەوتەی ئەم هەوڵەی چین لە سیاسەتە ناوچەیەکانی ئەم وڵاتەدا دەرکەوت، کاربەدەستانی پەکین بڕیاریاندا دیبلۆماسیەتێکی نوێ بگرنەبەر بە ئامانجی دەرخستنی ڕویەکی نیازپاکانە و باوەڕ پێکراو لە ناو چەکەدا . گەشەی هاوکاری چالاکانە لە گەڵ دراوسێکاندا بە تایبەت (ئا سە ئان ) واتە ( یەکیەتی ووڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ) لە بەرەنجامەکانی ئەم بەرەوپێش چوونە بوو، هەروەها لە هەنگاوە ئاشتی خوازانەکانی بریتی بوو لەکەمکردنەوەی گرژیەکانی نیمچە دورگەی کۆریا بوو. لە ڕێگەی نێوەندگیریەوە، هاوکاری لە پێکهێنانی (گروپی شەنگەهای ) و دواتر (ڕێکخراوی هاوکاری شەنگەهای ) و یارمەتی دانی کۆنترۆڵکردنی قەیرانی دارایی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و فراوانکردنی هاوکاری لەگەڵ (ئاسە ئان ) لە لایەن چینیەکانەوە ئەنجام درا. چین لە ئاستی سیستمی نێودەوڵەتیشدا دەستی کرد بە هاوکاری چالاکتر لە گەڵ ئەو ڕژێمانەی کە لە ژێر هەژمونی ئەمەریکادا بوون. بڕیاری دا بە واژۆ کردنی پەیماننامەی ڕێگری کردن لە تاقیکردنەوەی چەکە ئەتۆمیەکان (CTBT) و مەحکومکردنی ئەنجام دانی تاقیکردنەوەی ناوەکی لە وڵاتانی دیکەی وەك ( پاکستان ) لەگەڵ خواستی بەهێزکردنی پەیماننامەی سنوردارکردن و بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی (NPT) ئەم ڕێکارانەپەیامێکیان لە خۆگرتبوو کەچین وڵاتێکی ئاشتی خوازو هەڵگری بەر پرسیاریەتیە .
هەرچەندە چینیەکان پاش ڕوخانی یەکیەتی سۆڤیەت هەژمون و پاوانخوازی ئەمەریکایان بە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیری نێودەوڵەتی دەزانی، بۆیە هەوڵی جۆراوجۆریان دەدا بۆ کۆنترۆڵکردنی هەژموونی ئەووڵاتە (ئەمەریکا)، بەڵام لە هەمان دەیەی 1990 هەوڵیاندابەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا بەرەوپێش بەرن کە لە بەر هەندێ هۆکاری وەك سەرکوتکردنی (تیانامین ) و بابەتی پێشێلکردنی**

مافەکانی مرۆڤ زیانیان بەر کەوتبوو. پارتی کۆمۆنیست لەو بڕوایەدابوو کە باشتر کردنی پەیوەندیەکان و ڕاکێشانی متمانەی ڕۆژئاوا بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامە ئابوریەکانی چین گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بەتایبەت بە سەرنجدان لە ڕۆڵ و پێگەی نوێی ئەمەریکا لە جیهاندا. باشتر کردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەم وڵاتە وەك پێشنیارێکی چارە نوسساز دەردەکەوت. لە ڕاستیدا لایەنە ڕۆژئاوایەکان سەرەڕای هەبونی چەند نیگەرانیەکی ( سیاسی –ئاسایشی ) پێشوازیان لەم خواستەی چین کرد. گڵۆپی سەوزی ئەمەریکا بۆ ئەم بابەتە لەسەر بنەمای ئەو هۆکارە بوو کە بارودۆخی تایبەتی سەردەمی بەجیهانی بوون هەردولا بۆپەیوەندی زیاتر هان دەدات و ئەم پەیوەندیە دەتوانێت کێشەی (سیاسی –ئاسایش ) ی نێوانیان بخاتە ژێرکاریگەریەوە. گەشەی ئابوری و خۆشگوزەرانی خوازی دەبێتە هۆی ئەوەی چینیەکان بە وریایەکی زیاترەوە مامەڵە بکەن و لەسەر خۆبەدورگرتن لە ناکۆکی سورتر بن. لایەنگری توندو ئاڵنگاری بەرامبەر بە چین دەتوانێت ئەم وڵاتە بەرەو ناسیۆنالیزم و دژایەتی ئەمەریکا هان بدات و بارودۆخەکە بەرەو خراپی بەرێت و ئەمەش زیان بە هەردولا دەگەیەنێت . پاش دامەزراندنی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بەڕابەرایەتی ئەمەریکا چین توانی پەیوەندی بەم ڕێکخراوەوە بکات. بەردەوام لە گفتوگۆدا بوو بەمەبەستی نزیك بونەوە لە ئەمەریکا و یەکیەتی ئەوروپا. چین توانی لە گفتوگۆو دانوستانەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام لە ساڵانی کۆتایی چەند ڕوداوێك ڕویاندا وەك بۆمبابارانکردنی باڵوێزخانەی چین لە بەلگراد لەلایەن ئەمەریکاوە، و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی سیخوڕی ئەمەریکا لە گەروی تایوان و ڕاگەیاندنی بەرنامەی حکومەتەکەی بۆش سەبارەت بە سیستمی بەرگری موشەکی چەند لەمپەرێکی لە پەیوەندیەکانی چین و ئەمەریکا دروست کرد، بەڵام لە کۆتایدا ئەمەریکیەکان خۆیان لەڕێگریکردنی بەشداری چین پاراست. ئەوان لە هەمان نیوەی دەیەی **1990** و بەتایبەتی پاش دەست بەکاربونی کابینەکەی بێڵ کلنتۆن قۆناغێکی نوێیان دەستپێکرد بە مەبەستی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ئابوری ئەمەریکا و ڕابەرایەتی کردنی ئابوری جیهانی. ئەو کابینەیە ئارەزوی گەشەی چالاکی بازرگانی لەگەڵ ووڵاتانی جیهانی سێیەم و ڕولە گەشەی وەك چینی هەبووە، ئەمەریکا لەبەر ئەم هۆکارانە پشتگیری لە بە ئەندام بوونی چینی کرد لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی-:

-**1**ئەندامیەتی چین کە ڕێژەی دانیشتوانەکەی ملیارێك و چەند سەد ملیۆنێکە، بە هەنگاوێکی گەورە دادەنرێت لە بەرەوپێشبردنی بازرگانی ئازادی جیهانی

٢-چـین ناچـاربوو پێناسـە گومرگیەکـانی کەم بکـاتەوە و ڕێگـریە ناگومرگیەکـانی نەهێڵێت، ئەم کـارە لە سـەر بنەمـای ڕێکەوتنـی دولایەنەی نـۆڤەمبەری 1999دا هۆکـاربوو بۆ ئەوەی هەلی فـراوان بخرێتە بەردەم کۆمپانیـا چـالاکە ئەمریکیەکـان لە بـــــازاڕی چینـــــــدا.

٣-ئەمەریکـا ئەیتـوانی میکـانیزمی چارەسـەرکردنی ناکۆکیەکـانی ئەم ڕێکخـراوە وەك ئامرازێك بۆ ڕێگری کـردن یـان سنوردار کـردن چـالاکی ئەو کۆمپانیـا چینیـانە بەکـار بهێنێـــــت کە کـــــاڵای ســـــاختە دروســـــتدەکەن.

٤-ئەو هیوایە بوونی هەبوو کە بە ئەندامیەتی چین لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ڕێڕەوی چاکسازیە ئابوریەکانی ئەم وڵاتە خێراتر بێت و لە کـورت مەودا یـان درێـژ مەودادا دەبێـــــتە هـــــۆی چاکســـــازی سیاســـــی لەو ولاتەدا .

لەگەڵ ئەوەی ئەنـدامیەتی چـین لە ڕێکخـراوی بازرگـانی چـین بەرهەمـی ئـابوری بەرچـاوی بـۆ ئەو وڵاتە بەدواوە بـوو، پاڵنەرەکـانی بـۆ هاوکـاری لە گەڵ هێزەکـانی ڕۆژئـاوا فـراوان بـون. خـاڵێکی گرنـگ کە لە سـەرەتای سـەدەی بیست و یەك جێـی سـەرنجی چینیەکـان بـوو، ئەوە بـوو کە بەجیهـانی بـوون شمشـێرێکی دووسـەرە بـۆ دروسـتکردنی ئەو پەڕی بەرهەم و نەهێشـتن یـان کەمکـردنەوەی بـاج و زیانەکـانی دەبێت لە گەڵ هێزە گەورەکـان هاوکـاری پەرەی پـێ بـدرێت، بەجیهـانی بـوون هەلـی گەورەی بۆ گەشە و بەرەو پێش چوونی چین فەراهەم کرد.

چین لە سەردەمی بەجیهانی بووندا بۆ پەیڕەو کردنـی سیاسـەتی سـەربەخۆی ئاشـتی خـــوازانەی لە ئاســـتی دەرەوەدا هەوڵـــی دەدا بەســـەر جیاوازیەکـــانی سیســـتەمی کـۆمەڵایەتی و ئایدولۆژیـدا زاڵبێت. چینیەکـان بە سـەرنج دان لە ڕووداوەکـانی 11 ســـێپتەمبەر بۆیـــان دەرکەوت کە ئەم جـــۆرە هەڕەشـــانە لە کـــاتی کـــاردانەوەدا، سـەقامگیری و ئـارامی ئەوانـیش دەخـاتە مەترسـیەوە و پێشـکەوتنی ئابوریـان پەك دەخـات . خواسـتی چـین لەپشـتیوانی ئاشـتی و سـەقامگیری نێـودەوڵەتی بەمانـای یەکـــانگیری هەمیشـــەی ئەم وڵاتە نـــیە لەگەڵ بەرنامەکـــانی ئەمەریکـــاو ڕۆژئـــاوا. کاربەدەسـتانی چـین لە ژێـر ناونیشـانی فـرە لایەنیـدا ( فرەڕەنگـی ) چەنـدین جـار بەرنامەکانی دەستێوەردانی ئەمەریکـای لە کاروبـاری وڵاتـدا- کە بە بیـانوی پاراسـتنی ئاسایشـی نێـودەوڵەتی دادەڕێـژراو جێبەجـێ دەکـرا –ڕوبەڕوی ئاڵنگـاری دەکـردەوە. چـین لەچەنـد بـوارێکی جیـاوازدا خـۆی وەك دۆسـت وپشـتیوانی وولاتـانی دژ بە هەژمـونی ئەمەریکـا وەك ئێـران، کۆریـای بـاکور، سـودان، سـوریا دەرخسـتوە ولە

بەرامبەر فشارەکانی ڕۆژئاوا هەنگاوی ناوە، ئەم هێزە تازە دەرکەوتوە ئامادە نەبوو لە چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی جیهانی وەك چەکی کۆکوژ و مادەی سڕکەر هاوشێوەی خواستی ڕۆژئاوایەکان کار بکات .
کۆی خاڵەکانی سەرەوە دەربڕی ئەو ڕاستیەن کە سیاسەتی دەرگاکراوەکان و تێکەڵبوونی چین لەگەڵ بەجیهانی بوون دەبێتە هۆی ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە ئاشتی خوازانەتر بێت، ئەم دۆسیەیە لە ڕاستیدا لە گەڵ ئایدیای لیبراڵی ((فراوانکردنی پشت بەستنی هاوبەش وەك سنوردارکەرێکی جەنگ)) هەماهەنگە.
لەبەر ئەوە سیاسەتی دەرەوە دەتوانێت بە تەواوکەرێکی پێویستی سیاسەتی کرانەوەی ئابوری دابنرێت، بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتێکی لەم چەشنە لە کاتێکدا بەرهەمدار دەبێت کە کەشی نێودەوڵەتی ئارام بێت لە بەر ئەوە بوو چین خۆی وەك پارێزەری ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەردەخست .

-چاکسازیەکان وەك جوڵێنەری ڕکابەرایەتی پێشکەوتن خوازانە-:

لە ڕوانگەی ڕیالیستییەوە سیاسەتی چین لە بابەتی پشتیوانی ڕێکخستن و سەقامگیری جیهانیدا لەژێر کاریگەری هەوڵدانی ئەو ولاتەدا بوو بۆ بەهێزبونی لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. ڕێڕەوی کرانەوە و هەستانەوەی ئابوری حکومەتی خستە دۆخێکەوە کە بۆ سەرکەوتنی لە گەمەی ڕکابەرێتی ئابوری پێویستی بە جوڵەی چالاك و بەردەوام بوو لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا. بەڵام ئەم جوڵەیە زەمینەی هەل و نفوزی سیاسی ئەو وڵاتەی بەهێزکرد. بە واتایەکی تر سیاسەتی دەرگا کراوەکان نەبووە هۆکاری سڕینەوەی سیاسەتی هێزی ئەو وڵاتە، بەڵکو میکانیزمی پەیرەوکردنی ئەو سیاسەتەی گۆڕی، بۆ تێگەشتن لەم بابەتە دەبێت ڕێڕەوی پەیوەست بوونی چین بە بەجیهانی بوونەوە لە بەرچاو بگیرێت. بە شێوەیەکی گشتی چین لە ڕوی کرانەوەی ئابووری و ڕۆڵگێڕان لە پرۆسەی بەجیهانی بووندا لە سێ دەیەدا سێ قۆناغی گرنگی بریوە--:

١-قۆناغی کرانەوەی سەرەتایی:

لەم قۆناغەدا لەگەڵ بەرهەمهێنان و هەناردەکردن بازاڕی چین بەڕوی وەبەرهێنانی دەرەکیدا کرایەوە بەتایەت بۆ ئەو کۆمپانیا جیهانیانەی کەلە دەرەوە جێگیر بووبون.

**٢-قۆنـــــاغی چــــونە نـــــاو دامەزراوە نــــاوچەیی و نێودەوڵەتیەکـــــان :**

**لەم قۆنـاغەدا کرانەوەی ئـابوری قوڵتر بوویەوە و زیـاتر لەگەڵ بنەمـای ڕکـابەریەتی یەکـانگیر بـوو، بە شێوەیەك چونە نێو کۆمەڵگاکـان و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیەکـان بە شێوەیەکی زیاتر هەستی پێکرا.**

**3-قۆنـــاغی هەوڵـــدان بـــۆ بەدەســـتهێنانی پـــێگەی گرنگتـــر لە جیهانـــدا :**

**دەستکەوتە بەرچاوەکـانی دووقۆنـاغی ئـاماژە پێکـراوی سـەرەوە ئـاستی ڕکـابەریەتی ئـابووری چینی بۆ ئـاستی ڕکابەریەتی هێزە ئـابووریەکـان بەرز کردەوە، بەم شێوەیە، چین لە دەیەی دەستپێکی سەدەی 21 ڕووی کردە ئـامـادەکردنی زیـاتری سـەرچاوە و هۆکارەکـان بۆ ئەوەی بتوانێت بە خێراتر کردن یـان پاراستنی خێرایە بەرچاوەکەی لەگەڵ گەشە ئابوریەکەیدا بتوانێت پێش ڕکابەرەکـانی بداتەوە لە سەرو هەمویـانەوە ئەمەریکا. ئەوەی بەدرێژای سێ قۆنـاغی ئـاماژە پێکراودا جێی سەرنج بوو ئەوەیە کە بە فراوانکردنــی سیاســەتی کــرانەوەی ئــابوری وردە وردە زەمینــەی فراوانکردنــی پەیوەندی نێودەوڵەتی و دەرفەت و نفوزی چینـی ڕەخساند بە هۆی پێویستی زۆری ئەو وڵاتە بە بـازارکردن. و پاڵنەرەکـانی ئەم وڵاتەی بـۆ ڕکـابەریەتی هێـزە ئـابوریە گەورەکـان زیـاتر کـرد. بۆنمونە لە کـاتی جەنگی نێوان عێراق ئێران کە دوو وڵاتـی جیهانی سێهەم بوون ولە جەنگێکی وێرانکەرەوە گلا بـون، چین لە بـری هەوڵدان بـۆ گێـڕانەوەی ئاشـتی و ئاسـایش بـۆ نـاوچەکە بیـری لە کەڵك وەرگـرتن دەکـردەوە لەو هەلانەی کە لە ئەنجـامی جەنــگەکەوە هـاتبوونە ئـاراوە، لە هەمـان نیـوەی یەکەمـی دەیەی 1980 چەنـد ڕاپۆرتێـك بـڵاو کـرانەوە کە ئاماژەیـان بەوە کردبـوو چـین لە سـەرەتای جەنـگەکەدا هەردوو وڵاتـی پڕ چەك کـردووە و ئێـران بە درێـژای هەشـت ساڵی جەنگەکە بڕێك چەکی جەنگی دروستکراوی چینـی دەستکەوتبوو کە بەعێـراق فرۆشـرابون لە لایەن چینـەوە. لە نیـوەی دووەهەمـی ئەم دەیەیە بە زیــاتر بـوونی پشتیوانی ئێران لە لایەن چینەوە لە ڕووی پڕچەککردنەوە و پێدانی موشەکی ناسراو بە( کرمی ئاوریشم) نیەتی هەڵقۆستنەوەی ئەو وڵاتە زیـاتر ئاشکرابوو. ئەم هەنگـاوە بــوو بە هــۆی ئەوەی ئەمەریکــا لە ترســی ســەرکەوتنی ئێــران لە جەنــگەکەدا لەپڕچەککردنــــــــی ناڕاســــــتەوخۆی عێــــــراق بەردەوام بێــــــت .**

**تەنــانەت ( ڕیچــارد مــورفی )جێگــری وەزیــری کاروبــاری دەرەوەی ئەوکــاتەی**

ئەمەریکا ڕایگەیاند ئێران دەتوانێت لە موشەکە چینیەکان بۆتێکدانی ئاسایشی گەروی هورمز کەڵك وەرگرێت و ناوچەکە ناسەقامگیر بکات، لەم ڕوە وە ئەمریکا لە ساڵانی کۆتای جەنگەکە چەند گەمارۆیەکی خستە سەر چین وەك ڕاگرتنی ناردنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ ئەو وولاتە .

لەدەیەی 1980 چین لەگەڵ بەردەوامی هاوکاری وڵاتانی جیهانی سێهەم بەتایبەتی وڵاتە ئەفەریقیەکان،گۆڕا بۆ وڵاتێکی وەرگری هاوکاریە نێودەوڵەتیەکان. بە مەبەستی سود وەرگرتنی زیاتر لە هەڵەکان. ئەم وڵاتە لە ساڵی 1980 لە بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێو دەوڵەتیدا بو بە ئەندام، ئەو دامەزراوانەی کەپێشتر بە ئامرازی دارایی ووڵاتانی ئیمریالیستی دادەنران، لەم دەیەدا چین بە وەرگرتنی 5,5 ملیار دۆلار بۆ 52 پرۆژە بە یەکێك لە گەورەترین وەرگرەکانی قەرز لە بانکی نێودەوڵەتی ناسێنرا.

هەرچەندە چین لەپشتیوانی کردنی جوڵانەوە شۆڕشگێریە دژە ئیمپریالیستەکان پاشەکشەی کردبوو. بەڵام بە شێوەیەکی کرداری جێی خۆی لە نێو وڵاتانی جیهانی سێهەمدا کردبوویەوە بە ئامانجی بە دەست هێنانی هەژمونی سیاسی و ئابوری زیاتر، چەك و تەکنەلۆژیای سەربازی پێشکەش دەکردن، ئەو وڵاتانەی کە زۆر جێی سەرنجی چین بوون بریتی بوون لە ( ئێران ، عێراق، پاکستان ، جەزائیر، سوریا ، سعودیە) . دوای ڕوخانی یەکیەتی سۆڤیت، چین چەند بەرنامەیەکی ئامانجداری بۆ ڕوبەڕووبونەوەی هەژمونی ئەمەریکا داڕشت. چوارچێوەی ئەم بەرنامانە بریتی بوو لە بوونی کاریگەری زیاتر لە ڕوی سیاسی و ئابوریەوە لەو وڵاتانەی لە قۆناغی گەشەکردندا بوون، بەرنامە لە پێشینەکانی پەکین بریتی بوون لە نزیك بونەوە لە (ئا سە ئان ) واتە ( یەکیەتی وڵاتانی باشوری ئاسیا ) و هەوڵدان بۆ سەپاندنی هەژمونی خۆی لەو یەکێتیەدا ئەمەش ڕێرەوێکی سەرکەوتوانەی هەبوو. لە میانەی قەیرانی دارایی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەکاتێکدا بەهای دراوی ئەو دراوسێیانەی کە توشی قەیران ببوون داڕما بوو. پەکین لە کەمکردنەوەی بەهای یوان خۆی پاراست .

سەبارەت بە دروستکردنی گروپی شانگەهای پێنج و دواتر ڕێکخراوی شەنگەهای سیاسەتێکی هاوشێوەی سیاسەتی ئاماژە پێکراوی سەرەوەی پەیڕەو کرد، ئاسیای ناوەڕاست و ڕوسیا جگە لە بازاڕی فرۆشتنی کاڵا چینیەکان، جێی سەرنجی ئەو

**وڵاتە بوون و وەك وڵاتێکی خاوەن یەدەکی فراوانی نەوت وگاز. گەشەی خێرای ئابوری چین لە دوو دەیەی کۆتای سەدەی بیستەم هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە پێویستیەکی زۆری بە بازاڕو سەرچاوەی وزە بێت بۆیە نفوزی چین لە ئاسیای ناوەڕاست و ڕوسیا دەتوانێت لەپاراستنی سەرکەوتنی ئابوری چیندا کاریگەربێت، ئەم ناوچەیە کەدراوسێی وشکانی چین بوو کەمتر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێرکاریگەری هەژمونی ئەمەریکادا بوو، بەڵام ئامانجەکانی هەژمونی چین لەو ناوچە ئاماژەپێکراوەدا زیاتر بوون لە پێویستیە ئابوریەکان و لە ڕاستیشدا هاوکاری ئابوری بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرێك لە بلۆکی سیاسی -ئاسایشی لەرێگەی نزیك بونەوەی دوهێزی گەورەی ڕۆژهەڵاتی وەك چین و ڕوسیا، سەرەڕای ئەمە چین لە ڕێگەی ڕێکخراوی شەنگەهای بە شوێن کۆنترۆڵکردنیکی کاریگەرانە تردا لە ( تبت ) و ( شینگیانگ) کە دەوترێت بەجۆرێك لە لایەن ئەمەریکاوە پشتیوانی دەکران .**

**یەکێکی تر لە گۆڕەپانەکانی پرۆسەی فراوانخوازی پەکین ئەفەریقایە کە تێیدا وەبەرهێنان و هەژمونی چین ڕکابەریەکی توندی ئەمەریکا دەکات. دەستبەسەراگرتنی بازاڕی بەکاربردن، کەشی وەبەر هێنان و سەرچاوەی سروشتی ئەم کیشوەرە بۆ ئەم دوهێزە گرنگ بووە، بەتایبەت دەست بەسەراگرتنی سەرچاوە سروشتیەکانی ئەفەریقا خاڵی گرنگی ڕکابەریەتی ئەو دوهێزەیە. ساڵی 1993 بەدواوە بە گۆڕانی چین لە وڵاتێکی هەناردەکەری نەوتەوە بۆ وڵاتێکی هاوردەکەری نەوتی خاو، گریمانەی سەرهەڵدانی قەیرانی ووزەو کاریگەریە خراپەکانی لەسەر ئابوری چین بەهێز بوو. لە ساڵی 2000 ەوە کە قۆناغی جێکەوتەی ئەم گەشەیەیە پێویستی زیاتری وزە لە چین دەستی پێکرد. گرنگی بەدەستخستنی سەرچاوەی وزە زیاتر لە ڕابردوو گەشەی سەند لەم ڕووەوە چینیەکان بەردەوامی گەشەی ئابوری خۆیان بە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی وزە وە دەبەستەوە، و ئەفەریقاش خاوەنی تایبەتمەندی دیکە بوو وەك کەشی وەبەرهێنان، بازاڕی فراوان، و سەرچاوەی سروشتی بە سود. لە پاش ساڵی ( 2000) ە وە چالاکی بازرگانی و وەبەرهێنانی چین لە ئەفەریقا بەخێرای گەشەی کرد. ئەفەریقا بوو بە گۆڕەپانێك تێیدا چین بەبێ ڕووبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆ هەژمونی ئەمەریکای ڕوبەڕوی ئاڵنگاری کردووە.**

سیاسەتەکانی چین لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێکی تـرە لە بابەتەکانی دروستکەری دژبەرەکی لەپەیوەندیەکانی نێوان چین و ئەمەریکا لە سەردەمی چاکسازیەکان، هاوتەریب لەگەڵ گەشەی ئابوری و فراوانکردنی هاوکاریە ئابوریەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانە وڵاتە عەرەبیەکان، ئێران، تورکیا، ئیسرائیل، نفوزی سیاسی چین لە ناوچەکەدا ڕوی لە زیادبون کردبوو، ئەم وڵاتە لە هەمانکاتدا ئارەزوی دەستێوەردانی لە کێشەکانی ناوچەکە دا هەبوو و لەگەڵ ئەوەی زۆرجار خۆی وەك بێلایەن دەرخستووە. فراوان بونی هەژمونی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هۆکار بوو بۆ ئەوەی واشنتۆن بەرامبەر بەم کارانەی چین هەستیار بێت. لە ئەمەریکا بۆچونێکی وا لە ئارادا بوو کە چین بەشێوەیەکی ئامانجدار پشتیوانی لەو وڵاتانە دەکات کە لەگەڵ ئەمەریکادا ناکۆکن، لەوانە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەگەڵ ئەمەشدا ئەمەریکیەکان دەیانزانی هەژمونی چین لە ناوچەکەدا بەنەیارەکانی ئەمەریکاوە ناوەستێت و وڵاتە دۆستەکانیشی دەگرێتەوە لە ڕێکخراوی هاریکاری کەنداو، وەك ئەردەن و ئیسرائیل. کێشەی سەرەکی ئەوە بوو کە ناکۆکیەکانی ئەمەریکا لە گەڵ وڵاتانی ناوچەکە خەرجیان زۆر بوو، ئەمەش هەلێکی گەورەی خستە بەردەم پەکین وخەرجیەکانی ئەمریکای زیاتر کرد. چین تەنانەت لە گفتوگۆکانی نێوان هێزە گەورەکان بە شێوەیەکی سنوردار هەڵوێستی وەرگرت. لەکاتی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی **2003** دا چین لەگەڵ ئەوەی دژی ئەوهەنگاوەی ئەمەریکابوو. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی وەك فەڕەنسا، ئەڵمانیا و ڕوسیا کە بەهەمان شێوە دژی ئەو هەنگاوەی ئەمەریکا بوون، هەڵوێستێکی لاوازتری هەبوو. لە دۆسیەکانی دیکەی وەك کێشەی ئەتۆمی ئێرانیش هاوسەنگی ڕاگرت وخۆی لە چوونەناو ئەو گەمەیە پاراست.

چین لە پرۆسەی هەژمونی ئابوری و سیاسیەکەی بەردەوام بوو و درێژەی بە ستراتیژیەتی هەستانەوەی خۆی دەدا . لەم ساڵانەی دوایدا هەڵوێستە پێچەوانەکانی چین لەگەڵ ئەمەریکا زیاتر دەرکەوتن، بۆ نمونە لە شوباتی **2012**دا چین و ڕوسیا لە ئەنجومەنی ئاسایش ڤیتۆی بریاری ئیدانەکردنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤیان کرد کە دژی حکومەتی بەشار ئەسەد دەرکرا. هەروەها ساڵێك پێشتریش چین دژی گەمارۆدانی حکومەتەکەی بە شار ئەسەد وەستایەوە. ئەم هەنگاوانە سەرەڕای

نارەزایەتیەکانی ئەمەریکا، وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش بەهەمان شێوە نارەزایی خۆیان دژی هەڵوێستی چین دەربڕی. هەرچەندە چین هەموو هەوڵێکی ئەوەبوو کە دەست وەرنەداتە کاروباری ناوخۆی وڵاتان، بەڵام ڕای گشتی جیهان ئەم هەنگاوەیان بە هەنگاوێکی نائەخلاقی و نامرۆڤانە پێناسە دەکرد. لەساڵی **1971**وە چین پەیوەندی بەم ئەنجومەنەوە کردووە ئەم ڤیتۆیە بە هەشتەمین ڤیتۆی چین دادەنرێت لە ناوئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا. بە وردبوونەوە لەوەی کەچوار لەو ڤیتۆیانەی لە نێوان ساڵانی **2007-2012** کراون، دەردەکەوێت کە هەڵوێست وەرگرتنی چین بەرامبەر ویستەکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ئازایانەترە . لە گەڵ ئەوەشدا پەیوەندیە ئابوریەکانی ئەم دوو وڵاتە ڕوبەڕوی ئاڵنگاری جۆراوجۆر بوەتەوە.

**کێشەیەکی گرنگ لە پەیوەندیە بازرگانیەکانی چین و ئەمەریکا پەیوەندی بە سیستەمی دراوی چینەوە هەیە**. بڕیاردەرو چالاکانی بازرگانی ئەمەریکا لەوبڕوایەدان بە سەرنجدان لە سیاسەتی دراوی نەختینەی چین دەردەکەوێت کە دابەزینی بەهای دۆلار بەرامبەر بە یوانی بەدوادا هاتووە،و پرۆسەی بازرگانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی بە زیانی ئەمەریکا شکاندوەتەوە. بە بۆچونی ئەوان، جێگیرکردنی نرخی یوان بەرامبەر دۆلار بە جۆرێك لەپشتیوانی پێناسە نەکراو هەژمار دەکرێت کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی چەند پیشەسازیەکی جۆراوجۆری ئەمریکا. ڕەخنەگرانی ئەمریکا لەو بڕوایەدان سیاسەتی دراوی نەختینەی چین لەلایەن وڵاتە ئابوریەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیاوە پەیڕەو کراوەو کاریگەریەکی هاوشێوەی لەسەرئابوری ئەمەریکا بەجێ هێشتووە، هەروەها بڕوایان وایە بەپشتیوانی ئەو یەدەکە نەختینەییە فراوانەی کە چین هەیەتی کاریگەری گەورەی لەسەر جێگیر کردنی نرخی دراو هەیە. کۆشکی سپی تائێستا چەندینجار چینیان بە تۆمەتی ڕەفتاری خراپ و قۆستنەوەی بازرگانی سەرزەنشت کردووە.

لە کۆی ئەو بابەتانەی سەرەوە کە باس کران دەردەکەوێت لە پشت ئەو سیاسەتە نەرم و ئاشتی خوازانەی کە چین پەیڕەوی دەکات پاڵنەرێکی بەهێزی بەدەست هێنانی سودی دارایی و بەرزکردنەوەی پێگەکەی بۆ پێگەیەکی باڵا بوونی هەیە. ئەم خاڵە هاوتای دیدگای ڕیالیستی (میر شایمەر)ە کە سەبارەت بە هەستانەوەی چین پێی وایە هەستانەوەی ئابوری و سیاسەتی ئاشتی خوازانەی چین لە داهاتودا دەگۆڕێت بۆ

گەمەی ئاشکرای چین و ئەمەریکا. شێوازی چین بریتیە لەوەی کە سەرەتا ئەولەویەت بە ئابوری دەدات و لە ئێستادا بە شوێن بەهێزکردنی لایەنی سەربازیەوە نیە، هەرچەندە لەوانەیە گۆڕانکاری لەڕوی سەربازیەوە ڕوبدات بەو شێوەیەی کە ئەمەریکا دەستی کرد بە سەپاندنی هەژمونی خۆی بەسەر نیوە گۆی ڕۆژئاوای زەویدا. هەروەها چین بەنیازی دەست بەسەرداگرتنی ئاسیایە و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدات پەیوەندیەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا بە تایبەت ڕوسیا بگەیێنێتە بەرزترین ئاست. بەو شێوەیەی کە ئەمەریکا لاوازی دراوسێکانی وەك کەنەداو مەکسیکی پێباشە، بە هەمان شێوەش چین حەزی سیاسەتێکی لەو جۆرەی هەیە.لە لایەکی دیکەوە چین بەرەو کەمکردنەوەی هەژمونی ئەمەریکا لە ئاسیادا هەنگاو دەنێت بە هەمان شێوە ئەمەریکا لە سەدەی نۆزدەهەمدا نەهێشتنی هێزە ئەوروپیەکانی لە نیوە گۆی ڕۆژئاوا بەپێویست دەزاني .

دەرەنجام:

لەم پرۆسەیەدا ئابوری چین بە خێراییەکی بەرچاو کەوتە سەر ڕێڕەوی بەڕێوبردن وپێشکەوتنەوە بە شێوازێك وردە وردە ئاستی ڕکابەریەتیەکەی گەیشتە پلەی هێزە ئابوریەکانی جیهان ئەوەی کە کرانەوە و هەستانەوەی ئابوری چ کاریگەریەکی بەسەر سیاسەتی چینەوە هەبووەو گەشەی ئابوری چین بووەتە هۆی پارێزگاری و پراگماتیکی بەرپرسانی چین لە پەیوەندیەکانی دەرەوەدا. هەستی بەرپرسیاریەتی ئەوانی بەرامبەر بە ئاسایش و ئارامی سیستمی نێودەوڵەتی زیادکردووە، چین لە گەڵ ئەو ڕژێمە نێودەوڵەتیانە کە لە ژێر هەیمەنە و ڕابەرایەتی ئەمەریکادا بوون هاوکار بووە و بەرەوڕوی گەورەترین هاوبەشی ئابوری ئەمەریکا بەشێوەیەکی ئاشتیانە هەنگاوی ناوە. لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیە پشت ئەستورە بە تیۆری ڕیالیستی سەبارەت بە کاریگەری ئابوری ئازاد لەسەر پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، بۆیە بنەمای تیۆری بازرگانی ئازاد دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی دەرەوەی وڵاتان ئاشتی خوازانە بێت. بەڵام ئەوەی دەوترێت سیاسەتی شاراوەی چین لە ئایندەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە کە گەشەی ئابوری و سیاسەتی دەرگاکراوەکان زەمینەی هەستانەوەی هێزی نیشتیمانی چین لە گۆڕەپانی جیهانیدا دەڕەخسێنێت. لەم دیدگا ڕیالیستیەوە چین لەگەڵ هەبونی ڕوویەکی پارێزگارانە وردە وردە بە شوێن گۆڕینی

**دۆخی ئێستای نێودەوڵەتیەوەیە، گرنگترین ئاماژەی ئەم دۆسیەیە شێوازی ڕووبەڕوبونەوەی چینە بەرامبەر هەژمونی ئەمەریکا، هەرچەندە چین بانگەشەی ئەوە دەکات هەژمونی ئەمەریکا دەتوانێت ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەڵام لە ڕاستیدا چین بە شێوەیەکی کرداری ڕکابەرایەتی هەژمونی ئەمەریکا دەکات. هەوڵی ئەم وڵاتە بۆ سەپاندنی هەژمونە ئابوریەکەی لە ئاسیا تێپەڕیوە و بە شێوازێکی فراوان چەندین ناوچەی دیکەی جیهانی گرتووەتەوە وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەریکای لاتنین و ئەفەریقا، کەواتە چین وڵاتێکە دەیەوێت دۆخی ئێستای سیستمی نێودەوڵەتی بگۆڕێت و ئەم ویستی گۆڕانکاریە لەوانەیە لە ئایندەدا شێوەیەکی تر وەرگرێت.**